کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلیکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
12-2-2007 0:53 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# فەرەنسا هێرش دەکاتە سەر ماڵی کوردان ... کاوە ئەمین



لە سەرەتای کتێبێک بە ناوی (ئازادی، یەکسانی، براکوژیی، شۆڕش و کۆلۆنیالیزم لە کن ئالبێرد کاموس و فرانتیز فانۆن) کە لە نووسینی (میشێل ئازار) ە ئاوا دەربارەی فەرەنسا نووسراوە:" شەویکیان، لە قاتی سەرەوە، عەرەبێکیان ئەشکەنجە دەدا، عەرەبێک کە بە گوێرەی دەنگەکەی تەمەنی تا ڕادەیەک لە سەرەوە بوو. بە هۆی ئەو ئەشکەنجە وەحشەتناکەی کە لێی دەکرا بە ناچاری دەیقیژاند، هەمانکات بە دەنگێکی کپکراوەوە هاواری دەکرد:" بژی فەرەنسا، بژی فەرەنسا!"، پێدەچوو بە حسابی خۆی ویستبێتی بەو شێوەیە بتوانێت ئەوانەی ئەشکەنجەیان دەدا، هێور بکاتەوە، بەڵام ئەوان بەردەوام بوون لە لێدانی و پێکەنینەکەیان بە هەموو خانووەکەدا دەنگی دەدایەوە".
هێنری ئالیگ، ئەشکەنجە (١٩٥٨) .

ئەگەرچی فەرەنسییەکان خاوەنی مێژووی شۆڕشی فەرەنسین کە ئێستاشی لەگەڵدا بێت مرۆڤایەتی شانازیی پێوە دەکات، بەڵام لە سەدەی رابردوودا، فەرەنسییەکان دەستیان بە خوێنی هەزاران کەس لە خەڵکی ئەفریقا و باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا سوور کرد و خراپترین و قێزێونترین میتۆدی کۆلۆنیالیستیان بەکار هێنا، بە تایبەت لە جەزائیر کە بۆ وەدەرنانی فەرەنسا زیاتر لە یەک ملیۆن شەهیدیان دا.

چەند مانگێک لەمەو بەر فەرەنسا بۆ هاودەردی لەگەڵ ئەرمەنیەکان و زیاتر ریسواکردنی تورکیا لەبەردەمی ئەوروپییەکاندا و تەگەرە خستنەبەردەم بە ئەندامبوونی تورکیا لە یەکیەتی ئەوروپادا، بڕیاریان دا کە هەر کەسێک نکوڵی لەکۆمەڵکوژیی ئەرمەنیەکان لە سەردەمی جەنگی جیهانی یەکەم، بکات، وەکو تاوان چاوی لێ بکرێت، ئەوە بوو تورکیا و ناسیۆنالیزم و فاشیزمی تورکی کەوتنە شەپۆلدان بە دژی فەرەنسا. تورکەکان هەروەک چۆن لە کاتی مانەوەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە ئیتاڵیا، بە حوکوومەت و گەلی تورکەوە کەوتنە سوتاندن و فڕێدانی کاڵا و کەلوپەلی ئیتاڵی، ئێستاش دژی بەرژەوەندییەکانی فەرەنسا لە پای ئەو بڕارەی بە قازانجی ئەرمەنییەکان دایان، کوتوونەتە خۆیان. دەوڵەتی فەرەنسا بۆ ئەوەی دڵنەوایی تورکیا بداتەوە و هەمانکات دەستگاسیخورییەکانی ئەوروپا کە وەکو سەگێکی خوێری لە بەردەم (CIA) ئەمریکیادا خۆیان دەبیننەوە هێرشیان بردە سەر کۆمەڵە کوردییەکان لە پاریس بە تایبەتی ناوەندی کولتووری ئەحمەد کایا و کوردستان سەنتەرۆ و چەند کەسێکیان گرت و دەستیان بەسەر کەلوپەلی نێو ئەو کۆمەڵاندا گرت، ئەمە لە کاتێکدایە کە کوردانی باکووری کوردستان بە چەکدار و بێچەک و هەموو داودەستگا مەدەنییەکانیانەوە داوای ئاشتی دەکەن و یەکلایەنە تەقەیان وەستاندووە. ئەمەش جارێکی تر ئەوەمان بۆ دەردەخات کە یەکیەتی ئەوروپا و بەتایبەتی ئەڵمانیا و فەرەنسا و بەریتانیا هیچ بەرنامەیەکیان بۆ چارەسەری کێشەی کورد پێ نییە و دەیانەوێت تەنها لە هەندێک حاڵدا کێشەی کورد وەکو کارتێک بەکاربهێنن تا ڕێگا لەو وڵاتە بگرن بۆ دانوساندنەکانی لەگەڵ یەکەتی ئەوروپا، چونکە ئەگەر تورکیا ببێتە ئەندام ئەوا کێشە کورد دەبێت ببێتە بابەتی پەرلەمانی یەکیەتی ئەوروپا، ئەمە جگە لەوەی کە حەفتا ملیۆن موسڵمان دەبن بە برابەشیان، ئاخر نابێت لە بیرمان بچێت تا ئێستا چەندین جار بە تایبەتی سیاسییە ئەڵمانی و فەرەنسییەکان ئەوەیان داوە بە گوێی تورکیادا کە یەکیەتی ئەوروپا کۆمەڵەیەکی مەسیحییەکانە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

تورکیا دەیەویت لە ڕێگای فشارەکانی خۆی بۆ سەر ئەمریکا بۆ لێدانی پارتی کرێکارانی کوردستان لە قەندیل ڕێگا لە خەباتی کوردانی باکوور بگرێت، دیارە ئەمریکا کە بەتەواوەتی شکستی هێناوە لە عێراق ناتوانێت بە کارێکی وا هەستێت بۆیە لە ڕێگای دەستگا سیخوڕی و دیبلۆماسیەکانییەوە کاریگەری لەسەر وڵاتانی ئەوروپا دادەنێت تا تەنگ بە پارتی کرێکارانی کوردستان هەڵبچنن کە بە تایبەتی لەم دە ساڵەی دوایدا هیچ کارێکی نەکردووە کە دژی بچوکترین یاساکانی ئەوروپا وەستابێتەوە. دیارە ئەمە یەکمجار نییە ئەوروپییەکان بۆ ڕازی کردنی دڵی تورکیا سووکایەتی و ناهەقی بە کورد دەکەن، بەریتانیا تا ساڵی ١٩٩٣ کە پکک بڕیاری وەستانی شەڕی چەکداری نەدا، ئەو پارتەی نەخستە نێو لیستی تیرۆری خۆیانەوە، ئاخر شتێکی ئاشکرایە کە ئەگەر شەڕ نەبێت چۆن بتوانن چەک بفرۆشن بە وڵاتانی هەژار و ئەحمەقی وەکو تورکیا کە ساڵانە بە ملیارد دۆلار لە شەڕی کوردستاندا سەرف دەکات.

فەرەنسا و ئەڵمانیا بە گرتنی هاووڵاتیانی کوردستان لەو وڵاتانەدا، ڕاستەوخۆ قانوونەکانی خۆیان بنپێ دەکەن، لە ماوەی ئەم ١٥ ساڵەی دوایدا زۆر جاری تریش هێرشیان کردۆتە سەر کورد و کۆمەڵە کوردییەکان و سەدان پەنابەری کوردیان تەسلیمی دەوڵەتی تورک کردۆتەوە، بەڵام نەیانتوانیوە خەباتی کوردانی باکوور بوەستێنن، زۆر دوور نەڕۆین ڕۆژی شەمە ٢٠٠٧/٢/١٠ لە ستراسبۆرگ (Strasbourg) بە دەیان هەزار کورد پشتیوانی خۆیان لە پکک و ئۆجەلان دەربڕی، ئەوەش نیشانەیەی ئەوەیە کە پکک و کوردی باکوور بە شێوەیەکی وا ئاوێزانی یەکتر بوون کە نە تورکیا و نە ئەوروپا و نە ئەمریکاش ناتوانن بیانگێڕنەوە بۆ سەردەمی کۆیلایەتی و محاڵە جارێکی تر کوردی باکوور ئەو قسە قێزێونەی تورک کە دەڵێت" چەند خۆشە کە دەڵێم تورکم) بڵێنەوە. ئاخر سەردەمی کۆلۆنیالیزم بەسەر چووە، فەرەنسا ملیۆنێک جەزائیری کوشت بەڵام نەیتوانی بینکاتە کۆیلە، ئیتر بۆ دەبێت تورک بتوانن کورد بکەن بە کۆیلە؟

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.